# لوقمەی سینەما

**کەریمۆک**

**ئەگەر کۆک بین لەسەر ئەوەی سینەما لەیەک کاتدا (هونەرو پیشەسازی و بازرگانی و سیاسەتە) ئەوە لەرووی هونەرییەوە پێشینەیەکمان هەیەو بەسوود وەرگرتن لەهونەرەکانیتر بەتایبەتی شانۆ، تا رادەیەک بەهرەمەندین. بەلام لەبواری پیشەسازیدا گەلەک هەژارین، چونکە ئەم بوارە پەیوەستە بەئامێرو تەکنیک و پسپۆریی. بۆ سیاسەتەکەش جارێ دەسەلاتی کوردی لەمەزنی پەیامی سینەما نەگەیشتووە چجای بەخزمەتی مەسەلە سیاسییەکان ئاراستەی بکات!. بازرگانیەکەش کەمەبەستی ئێمەیە، تا ئێستاش کەباس لەبازرگانی دەکەین، زۆر کەس وای تێدەگەن کڕینو فرۆشتنەکەی (شێخەڵلا)یە یان (ژێر پردەکەی سلێمانی)ە!!**

**برادەرێک پێیەکی لەناو کەسابەت بوو، پێیەکی لەناو هونەر بوو، نەیدەتوانی نە واز لەپیشەکەی بێنێو نەلەهونەرەکەی..! رۆژگار هات و رۆیی، پشتی لەئیشەکەی کردو بەیەکجاری رووی کردە فیلمسازی، جا کەبۆ بەرهەمهێنانی کورتە فیلمێک بۆ ڤیستیڤاڵ برێک پارەی لەلایەن وەزارەتەوە پێبەخشراو یەک دوو ژەمی چەوری خوارد! لێیان پرسی کاکە بۆ وازت لەپیشەکەی خۆت هێنا خۆ خێری باش بوو! گوتی بابە ئێوە نازانن، لوقمەی سینەما چەورە..! وەڵلا بابە راست دەکات، ئەدی سینەما بازرگانیش ناگرێتەوە..!**

**لوقمەی سینەما چەورە، وەلی ئەگەر باش هەرس نەکرێت، دەبێتە مایەی نەگبەتی و گەدە دوچاری قورپەسەری دەکات! بۆیە قورپەسەر ئەو کەسانەی بەچاوی گەدەوە دەڕواننە سینەما، نەک بەچاوی مەعریفەو ژیریی..!!**

بەشی سینەمای
کۆلێژی هونەرەجوانەکان

kerimokc@yahoo.com

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image